**سمینارێک دەربارەی لیستی هاوپەیمانی کوردستان 730 ... ئەنوەر خەراجیانی پەیامنێری کوردستان نێت**

ئەمڕۆیەك شەمە ڕێكەوتی 20 / 11 / 2005 كاتژمێر 14 بە كاتی ئەوروپا لە شاری مالمۆ سیمنارێك ساز درا بۆ بەڕێزان كاك ئیبراهیم حەمە عەلی و كاك وەهاب شاە مەحەمەد كاك ئالان كەوا كۆمەڵەی خوێندكارانی كورد دەیان برد بەڕێوە بە سەرپەرشتی كاك كوردۆ.
پێشەكی دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی پاكی شەهیدانی كارەساتە دڵ تەزێنەكەی شاری خانەقینی خوشەویست و گشت شەهیدانی كوردستان پاشان كاك ئیبراهیم بەخێرهاتنی ئامادەبووانی بەڕێزی كرد كەوا لەم زرووفە ناسكەدا پێویستە لە سەر هەمووان كەوا بتوانین هەڵوێستی خۆمان دەربڕین بەرامبەر بە دەنگدان بۆ لیستی هاوپەیمانی كوردستان كارێكی نشتیمانییە لەم باروو زروفە ناسكەدا كەوا بۆ یەكەم جارە عەرەبی سونەش بەشداری دەكەن لە دەنگداندا، دەنگ دان یان دەنگ نەدان هیچ لە مەسەلەیەكی ئیدارەی كوردی ناگۆڕێت چونكە پەیوەندی بە چارە نووس سازی كوردە وە هەیە نەك ئیدارەی كوردی پێویستە ئێمە لەم كاتە ناسكەدا هەڵوێستی كوردانەمان هە بێت نەك هەڵوێستی حیزبانە، منیش دەڵێم ئەگەر دەنگدان پەیوەندی نەبێت بەمەسەلەی چارە نووس سازییەوە خەڵكی كورد ئازادە كەوا دەنگ بدات یان دەنگ نەدات هیچ لە مەسەلەی سقلی كورد ناگۆڕێت لە ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقی دا بەڵام دەنگ بە لیستی 730 ئەمە كورسی كورد دەستنیشان دەكات لە ناو ئەنجومەنی نوێی عێراق دا كەوا بتوانین زۆرترین كورسی بەدەست بهێنین.
تا بتوانین زۆربەی ئەندامانی پەرلەمانی عێراقی لە كورد پێك بێت. كاك ئیبراهیم بە هامان شت باسی لە مێژووی كورد و ڕاپەڕینەكانی گەلی كوردی كرد. كاك وەهاب شاە موحەمەد، باسی لە ئازادی دەنگ دان دا لە ڕابردوو لە گەڵ دەنگدان لە دوای ئازادی كوردستان واتە دوای ساڵی 1991، پێش ڕاپەڕین دەمان زانی چۆن بەزۆر دەنگ بە گەلی كورد ئەدەن لە كاتی هەڵبژاردنەكاندا كەس نە بووە بتوانێت بە نەخێر دەنگ بدات بە لام لەدوای ڕاپەڕین خەڵك دەتوانێ بە ئاشكرا دەنگ بە نەخێر بدات بەبێ ئەوەی كەس هەقی هەبێت بەسەرێوە، كەواتە ئەمانە ئاشكرایە بۆ چەسپاندنی دیمكراسی هەرچەندە كەم و كوریشی تێدا بێت گرنگ ئەوەیە خەڵكی كورد بە پەرۆشەوە ڕادەوەستن لە بەردەم سندووقی دەنگ داندا، دیارە عەرەبە سونیەكان ئەم جارە بەشداری دەكەن لە هەڵبژاردنەكاندا بە چەندین گروپی ئیسلامی توونگ ڕەوەكان یان گروپی بەعسیە ڕوخاوەكان دیارە ئەمانیش ڕەنگ دانەوەی خۆی هەیە لە هەڵبژاردنەكاندا گومان نییە بۆ مەبەستە گڵاوەكانیان لە ژێرەوە لە گەڵ عەرەبی شیعە یەک بگرن بۆ بەدەست هێنانی زۆرترین كورسی لەناو ئەنجومەنی عێراقی، چونكە عەرەب هەر عەرەبە و بەشێكی نیشتمانی عەرەبن، یەككگرتووی ئیسلامی بڕیاری داوە كەوا بە تەنها دەنگ بدەن بە لیستی خۆیان بەڵام ئێمە هەرچی شتێك دەبارەی كورد بێت ئێمە هاوپەیمانی كوردین بەر پرسێكی یەككگرتوو ڕوونی كردۆتەوە ئەگەر بەرژەوەندی كورد لەوەدابێت كەوا پەیوەندی بەستین لە گەڵ دەوڵەتی جولەكە ئێمە ئامادەین لەو پەیوەندیەدا لە بەرژەوەندی كورد.
كاك ئالان زیاتر ڕوونی كردەوە دەربارەی شوێنی هەڵبژاردنەكان لە سوید كەوا لە دوو شار دەكرێت وەك ستۆكهۆڵم و یەتیبۆری باشووری سوید لە دانیمارك دەكرێت پێویستە لەسەر ئیدارەی كوردی كەوا كار ئاسانیمان بۆ بكەن دەربارەی هاتوو چۆكردن بۆ وولاتی دانیمارك،

پاشان باسی لەوەکرد کەوا بەم زوانە لیژنەیەك پێك دەیەنین بۆ سەرپەرێشیکردن، لیژنەکەش پێك دێت لە یەکێتی و پارتی وکۆمەڵە کوردیەکان هاوپەیمانان.
کاك گۆران فەیلی ڕوونکردنەوەیەکی ڕوونکردەوە دەربارەی حیزبی فەیلیەکان بۆ هاوپەیمانی کوردستان لیستی 730 ئێمە وەك کوردی فەیلی پێش ئیسلام بونمان کورد بووین ئەوەی قەومێتی نە پارێزێ دینشی ناپارێزێ گرنگترین شت بۆ سەلماندنمان بۆ عێراق و دراوسێکان بیسەلمێنین کەوا ئێمە کوردین گرنگ نییە چی دینێکمان هە بێت برا یەزدیەکان ئیسلام نیین بە لام کوردن. لە کۆتایدا سوپاسی ئامادەبووانی کردەوە بۆ ئامادە بوونیان.

ئەنوەر خەراجیانی پەیام نێری کوردستان نێت

گۆران فەیلی




